# وەڵامی هەندێک لەگومانی بەناو قورئانیەکان

[ كردي – کوردی – kurdish ]

## حاجی ئومێد چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# الرد على بعض الشبهات التي يثيرها القرآنيون

« باللغة الكردية »

أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# وەڵامی هەندێک لەگومانی بەناو قورئانیەکان

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه وسلم

خۆشەویستان لێرە ولەوێ جارجارە گوێمان لەوە دەبێت کە هەندێ کەس ناویان لەخۆیان ناوە (قورئانییەکان) کە قورئان دوور و بەریە لەوان، هەروەك چۆن ئەوانیش زۆر دوورن لەقورئانی پیرۆز، ئەم زومرە قەلیلە بانگەشەی ئەوە دەکەن ئێمە وەك ئوممەتی ئیسلام تەنها قورئانمان بەسە سەرچاوەی دین ودونیامان بێت، ئەوەی لەقورئاندا خوای گەورە حەڵاڵی کردبێت ئێمەیش بەحەڵاڵی دەزانین، ئەوەیشی بەحەرامی دانابێت ئێمەش بەحەرامی دەزانین، چونکە وەك ئەوان دەڵێن : قورئان هەموو شتێکی ڕوون کردوەتەوە، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ﴾ [ الانعام : ٣٨] بە گومانی خۆیان دەڵێن کە خوای گەورە لەم

ئایەتەدا باسی ئەوەی کردووە، کە ئێمە لەقورئاندا هیچ شتێکمان بەجێ نەهێشتووە کە ڕوونمان نەکردبێتەوە بۆتان .

یان بەبەڵگەی ئەو ئایەتەی تر کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ ﴾ [ النحل : ٨٩] واتە : ئەم قورئانەشمان بۆ ناردیت ئەی پێغەمبەر! (صلى الله عليه وسلم) تاهەموو شتێك روون بکاتەوە .

یان بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی تر کە دەفەرموێت : ﴿ وَهُوَ الَّذِي أَنْزَلَ إِلَيْكُمُ الْكِتَابَ مُفَصَّلًا ﴾ [الأنعام : ١١٤] واتە : هەر ئەو خوایە ئەم قورئانەی بە ڕۆشنکراوەیی دابەزاندۆتە خوارەوە بۆتان وسەرجەم بڕیارەکانیشی ڕوونکردۆتەوە .

وە دەڵێین : سوونەتی پێغەمبەری خو(صلى الله عليه وسلم) لەبەر ئەوەی خەڵکی دەما ودەم گێراویانەتەوە بۆ یەکتری تێکەڵاوی درۆ ودەلەسەی خەڵکی بووە، و ناکرێت ئێمە دین دونیای خۆمان لەکەسانی درۆزنەوە وەربگرین .

یەکێکی تر لەگومانەکانیان ئەوەیە کە دەڵێن : قورئان هەمووی متەواترە و(قطعي الثبوت) ــە بەڵام سوونەت چەند فەرموودەیەکی کەم نەبێت کە لەپەنجەی دەست تێپەڕ ناکات کە متەواتەرن، هەر هەمووی فەرموودەی ئاحاد و(ظني الثبوت) ن، وناگەنە ڕادەی (متەواتر)، جا لەبەر ئەوە قورئان کافیە وئێمە پێویستمان بە کارکردن بە سوونەت نییە!، یان ووتویانە خوای گەورە بەلێنی داوە کە قورئان بپارێزێت ئیتر ئێمە قورئانمان بەسە، بەڵام خوای گەورە بەڵینی نەداوە کە سوونەت بپارێزێت بۆیە سوونەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کەسانێك گێراویانەتەوە (معصوم) و بێگوناهـ نەبوون، مادام بێ گوناهیش نەبوون ئێمە ناکرێت عەقیدە ودینی خۆمان لەکەسێکی گوناهبارەوە وەربگرین!، ئەمانە ئەو گومانە زۆر سەرەکیانەن کە ئەو زومرە قەلیلەی کە ناوی (قورئانی) یان لەخۆیان ناوە، جا بە یارمەتی خوای گەورە یەك یەك دێینە

سەر وەڵامدانەوەی ئەو شك وگومانانەیان کە دروستیان کردووە بۆ گەنجانی ئەم ئوممەتە :

جارێك سەرەتا دەبێت بزانین ئەمانە لەهەموو چەرخ وسەردەمێکدا کۆمەڵە کەسێکی گومرا وسەر لێشێواو بوون کە دین وئاینیان تەنها وتەنها بەعەقڵی خۆیان پێوانە کردووە، واتە عەقلی خۆیان پێش خستووە بەسەر قورئان وسوونەتدا، پێغەمبەریش (صلى الله علیه وسلم) لەفەرموودەیەکی سەحیحدا ئاماژەی داوە بە سەرهەڵدانی ئەم کەس وتاقمە گومرانە، ئیمامی ئەحمەد و أبو داود و حاکم بەسەنەدی سەحیح لە میقدادەوە ڕیوایەتیان کردووە کە پێغەمبەر (صلى الله علیه سولم) فەرموویەتی : « يوشك أن يقعد الرجل متكئاً على أريكته يحدث بحديث من حديثي فيقول بيننا وبينكم كتاب الله ، فما وجدنا فيه من حلال استحللناه ، وما وجدنا فيه من حرام حرمناه ، ألا وإن ما حرم رسول الله مثل ما حرم الله » [ أخرجه أحمد وأبو داود والحاكم وصححه الألباني] واتە : نزيكە كە كەسێك لەسەر تەخت وجێگاو

سەریرەکەی خۆی پاڵی لێدابێتەوە (مەبەست کەسانی خاوەن پارەو سامان و تەرەف وکەم عیلم وجاهیلە) لەو کاتەدا فەرموودەیەکی من بگێررێتەوە یان باسی بکەن، ئەو کەسە بڵێت : لەنێوان ئێمە وئێوەدا قورئان وکتێبی خودا هەیە، ئەوەی لەقورئاندا بیبینین و بەرچاومان بکەویت لەحەڵاڵ ئەوە ئێمەیش بەحەڵاڵی دەزانین، ئەوەشی لەقورئاندا دیتمان حەرامە ئێمەیش بەحەرامی دەزانین، ئەمجا پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) ئوممەتەکەی ئاگادار دەکاتەوە ودەفەرموێت : ئەوەی پێغەمبەری خوا حەرامی کردبێت وەك ئەوەیە کە خوای گەورە حەرامی کردووە .

لەم فەرموودەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) هەر لەو سەردەمەی خۆیەوە ئوممەتەکەی ئاگادار کردۆتەوە لەفیتنە و موصیبەتی ئەم جۆرە کەسانە، بۆیە دەبێت ئێمەیش ئاگاداری بانگەشە و درۆو دەلەسە وگومانەکانیان بین .

ئەمانە بە خۆیان بزانن یان نەزانن و گیلْ وکەم فامن، ئەم بانگەشەیان بانگەشەکردنە بۆ گومکردن وکەنارخستنی قورئانی پیرۆز، چونکە مەحاڵە لەقورئان تێگەیشتن بەبێ گەڕانەوە بۆ فەرموودە سەحیحەکانی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم) .

**ئەمجا ئێستا یەك یەك دێینە سەر گومانەکانیان :**

**گومانی یەکەمیان :** کە دەڵێن : قورئان هەموو شتێکی ڕوون کردوەتەوە، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ ﴾ [ الإنعام : ٣٨] .

سەرەتا دەبێت بزانین ئەم کەسانە هاتوون تەفسیری ئەم ئایەتەیان بە لێکدانەوەی خۆیان کردووە، چونکە مەبەست لە ووشەی ( الکتاب) لەم ئایەتە پیرۆزەدا مەبەست پێی قورئان نییە، چونکە سەرجەم ئەو هاوەڵە بەرێزانەی کە تەفسیری ئەم ووشەیان کردووە ووتویانە : مەبەست لەووشەی (الکتاب) لوح

المحفوظ ) ــه نەك قورئانی پیرۆز، كەواتە واتاو مەبەستەكەی

وای لێدێت : ئەی محمد ئێمە هیچ شتێكمان لە ( لوح المحفوظ)

دا پشتگوێ نەخستووە، بەڵكو هەموو شتێكمان بەووردی لەو

شوێنەدا باسكردووە، گومان لەوەشدا نییە خوای گەورە لە

قەدەری خۆیدا هەموو شتێكی لەو كتێبەدا بڕیوەتەوە و باسی

كردووە، تەنانەت گەڵایەكیش لەدرەختەكەی ناكەوێت خوارەوە

ئیلا لەو كتێبەدا نووسراوە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿

وَعِنْدَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَا إِلَّا هُوَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَا تَسْقُطُ مِنْ وَرَقَةٍ

إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ ﴾

[الانعام :٥٩ ] واتە : كلیلی هەموو شاراوەكان و زانینی هەموو

نهێنیەكان بەدەست خوایە و هەر لای ئەوە، كەس نایانزانێت

جگە لەو زاتە، هەرچی لەسەر وشكانیە (لە گیاندارو بێ گیان

و گیاو دارو زیندەوەرانی وردو درشت لەسەر زەوی و لە توێی

خاكدا) خوا پێی دەزانێت، هەروەها هەرچی لە دەریاكانیشدا

هەیە (لە زیندەوەری هەمەجۆرو ماسی سەیرو سەمەرە) ئاگای

لێیەتی و هیچ گەڵایەک ناکەوێتە خوارەوە خوا پێی نەزانێت، هەروەها دەنکێک یان تۆوێک لە تاریکایەکانی زەویدا نیە، ئەو دەنکە چ شێدار بێت یان وشک بێت، هیچ شتێک نیە لە خوا پەنهان بێت و لە (لوح المحفوظ) دا نەنوسرابێت .

**وەڵامی بەڵگەی دووەم وسێهەمیان :** کە دەڵێن : ئەو دوو ئایەتەتی تر کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ﴾ [ النحل : ٨٩] بەڵگەیە لەسەر ئەوەی قورئان هەموو شتێکی تێدا باسکراوە وپێویست بەهیچی تر ناکات .

یان : ﴿ وَهُوَ الَّذِي أَنْزَلَ إِلَيْكُمُ الْكِتَابَ مُفَصَّلًا﴾ [الأنعام : ١١٤] واتە : هەر ئەو خوایەیە ئەم قورئانەی بە ڕۆشنکراوەیی دابەزاندۆتە خوارەوە بۆتان و، سەرجەم بڕیارەکانیشی ڕوونکردۆتەوە .

ئەم دوو ئایەتە بە بۆچوونی خۆیان وای لێ تیگەشتوون مادام قورئان باسی هەموو شتێکی کردووە بە وورد و درشتی ئیتر پێویست بە سوونەت ناکات .

ئێمەیش دەڵین بەڵێ مەبەست لە ووشەی ( الکتاب) قورئانی پیرۆزە لێرەدا، بەڵام بابزانین زانایان چۆن لەم ئایەتە گەشتوون : ئیمامی ئەوزاعی دەڵێت : مەبەست لەوەیە خوای گەورە لەقورئاندا هەموو شتێکی ئەم دینەی ڕوون کردوەتەوە، بەڵام بە سوونەتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) .

عبد اللەی کوڕی مەسعودیش (خوای لێ ڕازی بێت) کە یەکێکە لەو هاوەڵە بەرێزانەی کە ژمارەیەکی زۆر فەرموودەی لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ڕیوایەت کردووە وگێراویەتیەوە، لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت : خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا هەمو زانست و هەموو

شتێکی باسکردووه وڕوونی کردۆتەوە، ئێمەیش دەڵێین : ڕاستە ئەم هاوەڵە بەریزە ئەگەر تێگەشتنی وەك تێگەشتنی سەقەتی ئەم گومڕانە بووایە، دەبوو تاقە فەرموودەیەکی لەپێغەمبەرەوە بۆ ئێمە نەگێڕایەتەوە وبیگوتایە قورئان کافیە بۆ وەرگرتنی عقیدە وبیرباوەر ووردوو درشتی ئاینەکەمان، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەم هاوەڵە بەرێزە کاتێك دەڵێت : قورئان عیلم و زانستی هەموو شتێکی ڕوون کردوەتەوە، خۆی وەك ووتمان ژمارەیەکی زۆر فەرموودەی بۆمان گێراوەتەوە، کەواتە فەهمی عبد اللەی کوڕی مەسعود (خوای لێ ڕازی بێت) زۆر جیاوازە لەگەڵ فەهم وتیگەویشتنی ئەم جۆرە کەسانە کاتێك فەرموویەتی : قورئان هەموو شتێکی ڕوونکردەوتەوە، کەواتە مەبەست لەهەموو شتێك ئەوەیە بەڵێ قورئان هەموو شتێکی بەشێوەیەکی گشتگیر ( ئیجمال) ڕوونکردوەتەوە، بەڵام بێگومان ئەم گشتگیر

و(ئیجمال) ــەی قورئان پێویستی بە ڕونکردنەوە وڕونکەرەوەیەك هەیە، ئەویش پێغەمبەری خودایە (صلی الله علیە وسلم) ئەمەیش قسەی ئێمە نییە بەڵکو هەر ئایەتی ئەو قورئانە پیرۆزەیە کە ئەوانە دیعایەی دەکەن کە قورئان کافیە بۆ دین وژینیان، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ ﴾ [ سورة النحل/٤٤ ] واتە : ئەی محمد ئەم قورئانەمان دابەزاندە خوارێ بۆ تۆ، بۆ ئەوەی بۆ ئەو خەڵکە روون بکەیتەوە ئەوەی بۆیان دابەزێنراوە لە یەکخواپەرستی و شەریعەت و حەڵال و حەرام .

یان فەرموویەتی : ﴿ وما أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي اخْتَلَفُوا فِيهِ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴾ [ سورة النحل / ٦٤ ] واتە : ئێمە ئەم قورئانەمانەمان دانەبەزاندووەتە سەر تۆ تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە هەرچی ئەو خەڵکە کێشەی لەسەر هەیە (لە بابەتەکانی دنیاو دین) بۆیان ڕوون

بکەینەوە و بیکەینە هۆی هیدایەت و ڕەحمەتیش بۆ ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕ دەهێنن .

ئەم دوو ئایەتە پیرۆزە وەڵامێکی دەم کووتکەرە بۆ ئەو بیروبۆچوونە گومڕانە ..... لەم دوو ئایەتە پیرۆزەدا بەئاشکرا خوای گەورە باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە یەکێك لەکارە گرنگ وهەرە سەرەکیەکانی پێغەمبەری ( صلی الله علیە وسلم) ئەوەیە ئەو ئەحکامە گشتگیرانەی کە لەقورئاندا باسکراون ڕوونی بکاتەوە بۆ ئیمانداران وتێیان بگەیەنێت کە خوای گەورە داوای چی لێکردوون وچی لەسەر فەرزکردوون وچی بۆ حەڵاڵ کردوون وچیشی بۆ حەرام کردوون، لەوە دەچێت کەسێك بڵێت جا چۆن ؟ و وەکو چی ؟

لەوەڵامدا دەڵین : نمونە زۆر زۆرە لەم بارەیەوە :

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی : ﴿ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾ [النور: ٥٦ ]
واتە : ئەی ئیمانداران: نوێژەکانتان لە کاتی خۆیدا بە چاکی ئەنجام بدەن و زەکاتی ماڵەکانتان بدەن و گوێڕایەڵی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) بکەن بەڵکو ڕەحمتان پێ بکرێت (لەلای خواوە) .

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە فەرمانی پێکردووین کە نوێژەکانمان بکەین وزەکاتی ماڵوسامانمان بدەین، ئەگەر بەووردی قورئان بخوێینینەوە وتێدەگەین کە لەقورئانی پیرۆزدا تەنها بەم شێوە گشتیە باسی نوێژ وزەکاتی کردووە، مەبەستم ئەوەیە کە چۆنیەتی نوێژ و کاتەکانی وهەیئەت وئەرکان و واجب وسوننەتەکانی بەهیچ شێوەیەك لەقورئاندا باس نەکراوە ونەهاتووە، بەم پێیە بێت ئەگەر قورئان بەس بێت بۆمان بەهیچ شێوەیەك نازانین چۆن نوێژەکانمان بکەین ولەچی

کاتێکیشدا بیان کەین، بۆیە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ئایەتە گشتیگرە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « صلوا كما رأيتموني أصلي » [أخرجه البخاري في «صحيحه» كتاب الأذان، باب الأذان للمسافر إذا كانوا جماعة والإقامة(605) ] واتە : چۆنم دەبینن کە نوێژ دەکەم ئێوەش هەر بەو شێوەیە نوێژەکانتان بکەن، ئاشکرایشە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە سوننەتی (فعلي) کرداری نوێژی بۆ هاوەڵە بەرێزەکان ئەنجامداوە، وئەوانیش لەوەوە فێر بوون و چاویان لەو کردووە کە چۆن نوێژەکانیان بکەن، ئێمەیش لەوانەوە دینەکەمان وەرگرتووە وفێری بووین .

یان نەمان دەزانی نصاب و ئەو ئەندازە ماڵوسامانەی کە زەکاتی تێدا واجب دەبێت چەندە، چونکە لەقورئاندا بەشێوەیەکی گشتیگر باسی زەکاتی کردووە ئەویش بەم شێوەیەی کە فەرمانی کردووە بە ئیمانداران زەکاتی

ماڵیان بدەن، ئیتر چۆن وبەچ شێوەیەك و ووردەكاری زەكاتی پارە و مەڕومالاًت ودەخل ودان وزێڕ وزیو و ماڵی بازرگانی و ..... هتد، هەموو ئەمانە لەسوننەتی پێغەمبەری ئازیزماندا ڕوون كراونەتەوە، وەك لەفەرموودەیەكدا زەكاتی زێڕ وزیزوی بۆ ڕوونكردوینەتەوە، وفەرموویەتی : « ..... وليس عليك شيء- يعني في الذهب- حتى يكون لك عشرون ديناراً فإذا كان لك عشرون ديناراً، وحال عليه الحول، ففيها نصف مثقال » [ رواه أبو داود وصححه الالباني] واتە : لەزێڕدا هیچ زەكاتێكت لەسەر واجب نییە، هەتاوەكو نەگاتە بیست دینار (مەبەست پێی دیناری زێڕە) جا هەركاتێك ئەو زێڕەی هەتە گەیشتە بیست دینار وساڵی بەسەردا هاتەوە، ئەو كاتە نیو مسقاڵ زەكاتی تێدا واجب دەبێت .

یان لەبارەی زەكاتی دەخڵ ودانەوە فەرموویەتی : « فيما سقت السماء والعيون أو كان عثريا العشر ، وما سقي بالنضح نصف

العشر » [رواه البخاري] واتە : ئەو دەخڵو دان و کشتوکاڵەی کە بەئاوی باراناو ڕووبار وکانیاوەکان یان بەهۆی ڕەگ وڕیشاڵەکانیانەوە ئاو دەخۆنەوە ، ئەوە لەدە بەش یەك بەشی دەدرێت لەزەکاتدا، ئەوەشی بە ووشتر و وڵاخ ئاوی بۆ هەڵدەگۆزرێت ( واتە بە پارە وبەتێچوونێك ئاوی بۆ دەهێنریت بۆ ئاودان) ئەوە لەبیست بەش تەنها بەشێکی دەدرێت بەزەکاتدا .

ئەگەر سەرنج لەو ئایەتەیش بدەین کە خوای گەورە فەرمان بەفەریزەی حەج دەکات فەرموویەتی : ﴿ لِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا﴾ [آل عمران :٩٧] واتە : خوا حەجی کەعبەی بڕیارداوە لەسەر مەردم، لەسەر ئەوانەیان کە توانای هەبێت .

یان کاتێك فەرموویەتی : ﴿ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ ﴾ [الحج : ٢٩] واتە : با تەوافی ماڵی دێرین و پارێزراوی خوا بکەن .

لە ئایەتی یەکەمدا خوای گەورە فەمانی کردووە بە موسڵمانان کە حەجی ماڵی خوا ئەنجام بدەن، بەڵام بەچ شێوەیەك ولەچ جێگایەك ئیحرام ببەستن و لەسەر کێ واجبە ولەسەر کێش واجب نیە، ئەرکانەکان و واجبات وسوننەتەکانی حەج بەشێوەیەکی ووردی چین هەموو ئەمانە لە سوونەتدا دیاری کراوە .

لەئایەتی دووەمدا تەنها فەرمان کراوە بە تەوافی ماڵی خوا، بەڵام ئایا ژمارەی شوتەکاتی تەواف چەندە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەفەرموودەکانیدا ڕوونی کردووەتەوە، بەکورتی بەکوردی هەموو ئەمانەی بە فەرموودەیەك ڕوونکردوەتەوە، کە فەرموویەتی : « خذوا

عني مناسككم » [اخرجه مسلم والنسائي واللفظ له من حديث جابر (رضي الله عنه)] واته : مەناسك و ئەركان و واجباتەكانی حەج كە چۆن ئەنجام دەدرێت لەمنیەوە وەربگرن، من چۆن دەبینن كەحەج دەكەم ئێوەیش هەر بەو شێوەیە حەجەكەتان بكەن .

ئەوەی باسمانكرد سێ ڕوكن بوون لەڕوكنە گرنگەكانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ئەگەر پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بۆ باوەڕدارانی ڕوون نەكردایەتەوە بەهیچ شێوەیەك نەیاندەزانی چۆن نوێژ بكەن وزەكاتی ماڵوسامانیان چۆن دەربكەن وبەچ شێوەیەكیش حەجی ماڵی خوا ئەنجا بدەن .

هەموو ئەمانە دەیسەلمێنن كە بەتەنها قورئانی پیرۆز بەس نییە بۆ وەرگرتنی شەریعەتی ئیسلام ویاسا وڕێساكانی، ئەگەر بهاتایە تەنها قورئان كافی بووایە،

خوای گەورە نەیدەفەرموو : ﴿ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ... ﴾ [الأحزاب: ٢١ ] لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە پێغەمبەری خوای بە چاکترین نموونەی ڕێك و پێکی و سەرمەشق بۆ باوەڕداران داناوە، کە چاوی لێ بکەن وبیکەن بەڕابەر وپێشەوای خۆیان لەژیانیاندا .

وەڵامی گومانی چوارەمیان :

کەدەڵێن : سوونەتی پێغەمبەری خوا لەبەر ئەوەی خەڵکی دەما ودەم گێراویانەتەوە بۆ یەکتری تێکەڵاوی درۆ ودەلەسەی خەڵکی بووە، و ناکرێت ئێمە دین دونیای خۆمان لەکەسانی درۆزنەوە وەربگرین .

لەوەڵامی ئەم گومانەشیادا دەڵێین : سوپاس بۆ خوای گەورە، کە لەناو ئوممەتی ئیسلام، خوا کەسانێکی دڵسۆز وموخلیصی دروست کردووە کە ژیانی خۆیان تەرخانکردووە بۆ جیاکردنەوەی فەرموودە صەحیح وڕاست ودروستەکان لە

فەرمووده لاواز وهەڵبەستراوەکان، بۆ ئەم مەبەستەش چەندەها کتێب وپەڕاویان داناوه بۆ ناسینی ئەو کەسانەی فەرموودەیان گێڕاوەتەوه، پاشان بەوەشەوه نەوەستاون، بەڵکو بەووردی بەدوای حاڵی ئەو کەسانەدا ڕۆشتون کە فەرموودەکانیان لەچەرخ سەردەمەکاندا گێڕاوەتەوه، ئاخود ئایا ئەو کەسانە کەسانێکی ڕاست وگۆ ومەشهور بوون بەدینداری، ئایا ڕادەی (حفظ) ولەبەرکردنیان چۆن بووه، لاواز بوون یان بەهێز، وه یان ئایا کەسانیکی باوەڕپێکراو جێگای متمانە بوون لەناو خەڵکدا، ئەمانەو چەندها (ضوابط) ی تر کە دانراوون بۆ ناسینەوەی پیاوانی فەرمووده گێرەرەوه( رجال الاسناد ) کە لەهیچ ئاینێکی تردا ئەم جۆره زانست وزانیاریانە بوونیان نییە، بۆیە ڕێبازی ئەهلی سوونەت و جەماعەت ئەم ئاینە پیرۆزەیان وا بەخەڵك ناساندوه کە ئاینی ئیسلام ئاینی زنجیرەی سەنەدەکانە، هیچ ووتەیەك لەهیچ کەسێك

وەرناگیرێت بەبێ بوونی سەنەدێکی ڕاست ودروست ومتمانە پێکراو .

کەواتە هەر فەرموودەیەك کە زانایان هەستیان بەوە کردبێت لەسەنەدەکەیدا کەسێکی درۆزن، یان بێ متمانە، یان لاواز لەڕووی لەبەرکردنەوە، ئەوا بەفەرموودەیەکی لاواز یان زۆر لاواز ناویان بردووە وخەڵکیان لێ ئاگادارکردوەتەوە، ئەو فەرموودەیەی کە فلانە کەس لەسەنەدەکەیدا هەیە فەرموودەیکی لاوازە و بۆ ئەوە ناشێت بکرێت بەبەڵگە بۆ جێگرکردنی حوکمێك .

وەڵامی گومانی پێنجەمیان کە دەڵێن :

قورئان هەمووی متەواترە و(قطعي الثبوت) ــە بەڵام سوونەت چەند فەرموودەیەکی کەم نەبێت کە لەپەنجەی دەست تێپەڕ ناکات کە متەواتەرن، هەر هەمووی فەرموودەی ئاحاد و(ظني الثبوت) ن، وناگەنە ڕادەی

(متەواتر) جا لەبەر ئەوە قورئان كافیە وئێمە پێویستمان بە كاركردن بە سوونەت نییە .

لەوەڵامدا دەڵێین : ئەی باشە بۆچی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) كاتێك نامەی دەنارد بۆ پاشا وسەرۆكی وڵاتان دەیدا بەیەكێك لەهاوەڵە بەرێزەكان بۆ ئەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیان پێ بگەیەنێت، وپێیان بڵێ كە خوای گەورە ئەوی كردووە بە دوایین پێغەمبەر و واجبە لەسەریان باوەڕی پێ بهێنن وموسڵمان بن، ئەگەر باوەڕ نەهێنن وموسڵمان نەبن ئەوە گوناهی خۆیان وژێردەستەكانیشیان لەئەستۆی ئەوانە لەقیامەتدا، وەك لەو نامەیەدا كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە دوحیەی كەلبیدا ناردی بۆ هێرەقلی پاشای ڕۆمەكان: وەك لەنامەكەدا هاتووە : « بسم الله الرحمن الرحيم، من محمد رسول الله عبده ورسوله إلى هرقل عظيم الروم، وسلام على من اتبع الهدى، أما بعد، فإني أدعوك بدعاية الإسلام أسلم تسلم، أسلم يؤتك الله أجرك مرتين، فإن توليت

فإن عليك إثم الاريريسين و﴿ يا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَ نَعْبُدَ إِلاَ اللهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئاً وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَاباً مِنْ دُونِ اللهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴾ [رواه البخاری برقم ٤٢٧٨] .

ئەگەر فەرموودەی ئاحاد جێگای قبوڵ کردن نەبێت و نەشێت بکرێتە بەڵگە دەبوو پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وەفدێکی دە پانزە کەسی لەهاوەڵەکان بناردایە بۆلای ئەو پاشا وسەرۆکانە، دیارە کە ئەمەشی نەکردووە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە فەرموودەی ئاحاد ئەگەر دڵنیا بوویت لەڕاستی ودروستی وصەحیحی ئەوە بێگومان دەکرێتە بەڵگە بۆ گەیاندنی دین وشەریعەتی ئیسلام .

وەڵامی ئەو گومانەشیان کە دەڵێن : خوای گەورە بەڵێنی داوە کە قورئان بپارێزێت ئیتر ئێمە قورئانمان بەسە، بەڵام خوای گەورە بەڵێنی نەداوە کە سوونەت

بپارێزێت بۆیە سوونەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کەسانێك گێراویانەتەوە (معصوم) و بێگوناهـ نەبوون، مادام بێ گوناهیش نەبوون ئێمە ناکرێت عەقیدە ودینی خۆمان لەکەسێکی (نامەعصوم) و گوناهبارەوە وەربگرین .

خوای گەورە قورئانی هەر بەو کەسانە پاراستووە کە فەرموودەکانی پێغەمبەریشیان گێراوەتەوە ( مەبەستم پێی هاوەڵە بەڕێزەکان) هەر ئەو هاوەڵانەی کە ئەوانە متمانەیان پێیان هەیە کە قورئانیان نوسیبێتەوە ولەبەریان کردبێت ولای خۆیان پاراست بێتیان، هەر ئەو هاوەڵانەش فەرموودەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) یان پاراستووە، بۆ نموونە کاتێك عوسمانی کوڕی عەفان (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمانی کرد سەرجەم نوسخەکانی قورئان لەهەموو دەوڵەتی ئیسلامی و ویلایەتەکاندا کۆ بکرێیتەوە وسەرجەمیان بسوتێرێن جگە لەیەك نوسخەیان نەبێت، کە پاشان لەسەر ئەو نوسخەیە چەند نوسخەیەکی

تری گرتەوە و ناردی بەتەواوی وویلایەتەکاندا بۆ ئەوەی موسڵمانان ڕا جیاوازیان تێ نەکەوێت لەسەر قورئان، ئایا ئەم کارەی عوسمانی کوڕی عەفان (خوای لێ ڕازی بێت) کردی لەقورئاندا هاتووە وفەرمانی پێکراوە ؟ بێگومان نەخێر، بەڵام خوای گەورە بەم کارەی عوسمان قورئانی پاراست، کە زانایان بە (مصلحةی مورسەلە) ناویان بردووە ، هەر ئەو خوایە بە ڕیوایەتی هاوەڵە بەڕێزەکان فەرموودەکانی پێغەمبەریشی (صلى الله عليه وسلم) پاراست، چونکە وەك ئاماژەمان پێدا پاراستنی قورئانی پیرۆز بە بێ پاراستنی فەرموودەکانی پێشەوای ئازیزمان ناتەواوی بوو بۆ شەریعەتی ئیسلام، ئەویش بەڵگەی ئەوەی ئەوەشی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی بەشێك بووە لە وەحی ونیگا، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى * إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى﴾ [ النجم : ٣ -٤ ] واتە

: محمد لەهەواو هەوسەوە قسە ناکات * هەرچی دەیڵێ وەحی وسرووشە وبۆی دەکرێت بۆی .

یان لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی : ﴿ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا ﴾ [ الحشر :٧ ] واتە : ئەوەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بۆی هێناون وەری بگرن، وە ئەوەشی قەدەغە ورێگری لێکردوون لێی دوور بکەونەوە و وازی لێ بهێنن .

بەم پێیە تەفسیر ورِوونکردنەوەی قورئان پیرۆز ئەرکێکی سەرەکی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بووە، فەوتان و باوەڕ نەکردن بە سوننەتەکانی واتای فەوتان وباوەڕ نەکردنە بە بەشێکی گەورە لەقورئانی پیرۆزیش .

جا لەبەر ئەوەی بانگەشە کردن بۆ شوێنکەوتنی قورئان بەتەنها ودەست بەردان لە سوننەتەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) سەرەتا بانگەشەیە بۆ نەهێشتنی ڕۆڵی

قورئان لەناو خەڵكدا، چونكە ئەو كاتە هەر كەس بۆ خۆی ئازاد دەبێت لەتەفسیر كردنی مانا ومەبەستەكانی قورئان بەمە قورئان (خوا پەنامان بدات) وەك تەورات وئینجیلی لێ دەهات، كە جولەكە وگاورەكان بەهەوەس وئارەزووی خۆیان دەستكاریان كرد و لێكدانەوەیان بۆ كرد، ئەمەش زۆر دوورە لە ڕاستی ودروستی قورئان وئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، بۆیە لێرەوە پێیان دەڵێین : ئەو بیروبۆچوونە سەقەت ونەزۆكەی ئێوە هەر زۆر زوو لەلایەن زانایان ودڵسۆزانی ئیسلامەوە وەڵام دراوەتەوە و لەگەڵ سونەتەی ئەم ئاینە پیرۆزەدا یەك ناگرێتەوە .

زۆرمان پێ بوو بۆ وەڵامدانەوەی ئەم گومان وبیرو بۆچوونە نەزۆكانە، بەڵام هێندە بەسە كە دەمكوتیان بكات وبیان باتەوە بە قەباخی ڕزیوی خۆیاندا .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم